کارەبای کوردستان: گرفتی پچڕانی کارەبا دروستدەبێت

وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکی لە هێڵکانی گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ وێستگەکانی کارەبا، گرفتی پچڕانی کارەبا لە بەشێک لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی دروستبو.

وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ شەممە لە راگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، "بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکی لە هێڵکانی گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ وێستگەکانی کارەبا، گرفتی پچڕانی کارەبا لە بەشێک لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی دروستبو و بەشێوەکی کاتی کاریگەری لەسەر تەی کارەبای نیشتیمانی دەبێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، تیمەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ کەمپانیای داناغاز سەرقاڵی چارەسەری گرفتەکەن و لە چەند کاتژمێری داهاتو گرفتەکە چارەسەر دەکەن و دەخی کارەبا ئاسایی دەبێتەو.

25ی مانگی رابردو وەزارەتی کارەبا لە راگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکی لە هێڵکانی گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ وێستگەکانی کارەبا، گرفتی پچڕانی کارەبا لە بەشێک لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی دروستبو و بەشێوەکی کاتی کاریگەری لەسەر تەی کارەبای

نیشتیمانی دەبێت.